# خەونێکی. . . پڕزام

محمد علی عوزێری

ئەمشەو لە خەونە. . . گیانە
بە تارەی بوکینی. . . تۆ
چاوە پڕ خوێناویەکانم سریەوە
ئەوەی سپی بوو. . . لە پۆشت
ببورە لێم سۆر کردی
تەنها لێوانت نەبێ
کە سوور بوو. . . بۆم وەك بەفر
بە هەردووکەرتە چیاکانی لێوم
لیّ سپی کردی
ئەمشەو لە خەونە. . . ئازیز
لە تەك زاوەیەکی. . . من نەبووم
بە خەندەیەکی بوکینی
باسی ناوی یەکەم گۆرپەت بۆ دەکرد
باسی بسکەکانت تاڵ تاڵ بۆ دەکرد
ئەوەی بۆ من فێری بووی
گشتی بە کویچکەکانی ئەو. . . پڕ ئاواز دەکرد
ناوی مانگ و ئەستێرەکان و فریشتەکان
هەمووت یەکە. . . یەکە لە رووباری بیّ سۆزی ئەوت کرد
بە مچ مۆری. . . جاریکیان سەیری منی
ئێستای بیّ یار کرد
چاوەکانت نوقاند. . . هەلت کردەوە
چاوەکانت نوقاند لەگەڵ ئەودا
چاوە نوقاوەکانم. . . هەلمژی
زانییم خەونە. . . بەلاّم دیسان زانییم
کە تەنها خەونە
خوزگە هەموو راست بایە
منیش بۆ تۆ خەون نەدەبووم

٢٠٠٣/١/٢

uzere1971@ yahoo.com